بەناوی خودای دەهندە و دلۆڤان

# بێستان

ژمارە ١٢

نۆڤامبری ٢٠٠٧ ی زایینی

خەزەڵوەری ١٣٨٦ ی کۆچیی - هەتاویی

گۆڤارێکی گشتییە، بەشی بڵاوکردنەوە و راگەیاندنی رێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێران دەری دەکا

لە سەروتاری ئەم ژمارەدا:

## "هەر جووڵانەوەیەک کە لە کوردستان سەریهەڵدابێ لەلایەن مەزنیخوازانەوە مۆرکی جیاوازیخوازیی لێ دراوە بۆئەوەی پاساوێکی بێگرێ و گۆلیان بۆ هێشتنەوەی کورد لە کۆیلەیدا لەبەردەستدابێ"



نەتەوەی کورد وەک یەکێک لە نەتەوە دێرینەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست چەند هەزار ساڵە لەسەر خاکی نیشتمانی خۆی (کوردستان) دەژی. هەرچەند کوردستان بۆ ماوەیەک هەتا سەدەی نۆزدە سەر بە ئیمپڕاتۆرەکانی رۆژهەڵات بوو بەڵام کوردەکان لەنێو خۆیاندا ژیانێکی سەربەخۆ، یان نیمچەسەربەخۆیان هەبووە و کوردستان چەندین میرنشینی گەورە و چکۆلەی تێدا بوو کە سەریان بۆ غەواران شۆڕ نەکرد. بە دابەشبوونی زێدی کوردان، دوای شەڕی چاڵدێران لەنێوان دوو ئیمپڕاتۆری عوسمانیی و سەفەویی دا، بەردی بناغەی چارەڕەشیی کورد دانرا....

لاپەڕەی ٢




ئیعدام لە ئێراندا، راپۆرتی ساڵی ٢٠٠٧

لاپەڕەی ٦



سیخوڕێکی (CIA) مووی سەری ”چێ گوڤارا“ دەفرۆشێ.

لاپەڕەی ١٤




نـــا بۆ هێرشی سوپای تورکیە بۆسەر باشووری کوردستان.

لاپەڕەی ٣



مۆبایل و زیانەکانی بۆ مێشک.

لاپەڕەی ٧



”دیکتاتۆر شتێکی تەواو ناپەسەندە“

لاپەڕەی ٤



یادی شەهیدان... شەهید خەلیل محەممەدیی (خەلیل خۆشکەلام).

لاپەڕەی ١٠

بخوێنن چونکە خوێندن بۆ دیفاعی تیغی دوژمنتان     هەموو ئان و زەمانێ عەینی قەڵغان و سوپەرتانە

www.arsivakurd.org

## درێژەی سەروتار

...دوای جەنگی یەکەمی جیهانیی و دابەشکردنێکی سەرلەنوێی کوردستان بە چەند پارچە و دروینی هەر لەتێکی بە وڵاتێکەوە، بەبێ پرس و مەیلی خاوەنی راستەقینەی ئەو زێدە، بێبەشیی و چەوسانەوەی گەلی کورد لە ئاستێکی بەرینتر و بەشێوازێکی دژوارتر درێژەی کێشا. لە ئاکامی زەبروزەنگ و پێشێلکرانی ماف و کەرامەتی گەلی کورد لەلایەن مەزنیخوازانەوە، جووڵانەوەی رزگارییخوازیی ئەو گەلە لە پارچە جیاجیاکانی کوردستان سەریهەڵدا و پەرەی گرت و کەوتە قالبێکی نوێترەوە و بەرەبەرە کێشەی کورد کەوتە سەر شانۆی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بوو بە کێشەی نەتەوەیەکی چەوساوە و بەکۆیلەکراوی مافخوراوی نیشتمانداگیرکراوی بێبەش لە کەمترین مافی نەتەوایەتیی و ئینسانیی و ئازادیی. لەو کاتەوە خەبات و بزاڤی کورد لە شوێنە جیاجیاکانی کوردستان بەرەو پێگەیشتن و گەشەکردنە و تا ئێستا درێژەی هەیە.

هەڵوێستی داگیرکەرانی کوردستان سەبارەت بە گەلی کورد دەگەڵ بنەماکانی دێموکراسیی و نێوەرۆکی جاڕی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ و مافی گەلان هەمیشە ناتەبا بووە. زلهێزەکانی بڕیاربەدەست و کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان هەتا ئەو ساڵانەی دوایی ئاوڕیان لەو گەلە بەشخوراوە و بەکۆیلەکراوە نەداوەتەوە بگرە لایەنگری رژێمە چەوسێنەر و حاکم بەسەر کوردستاندا بوون. ئەو کێشەیان لە قوژبنی تەنگ و تاریکی نێوخۆییدا زیندەبەچاڵ کردووە بەچەشنێک کە خۆیان لەو هەموو تراژیدیانەی لە مەودای خەباتی رزگارییخوازی کورددا بەسەر ئەو گەلەدا هاتووە، گێل کردووە. دەسەڵاتدارانی حاکم بەسەر کوردستانی دابەشکراودا قەت گوێیان بۆ خواستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و بانگەوازی خەباتگێڕانی کورد چ ئۆتۆنۆمیی و چ مافی چارەنووس و چ هەورازتر نەگرتووە، هەموویان هەر بە سەرکوت و پیلانگێڕیی وەڵام داونەوە. تەنانەت کەمترین داخوازیی کوردیان بە جیاوازییخوازیی و جیاوازییخوازییشیان بە تاوانێکی زۆر گەورە و لەبەخشینەهاتوو داناوە.

ئەوان خۆیان لەو راستییە گێل دەکەن کە کوردستان زێد و نیشتمانی کوردە و بەبێ ئیرادە و پرس و مەیلی کورد دابەش و داگیر کراوە و هەر لەتەی بە وڵاتێکەوە دراوە. سەرەڕای ئەوەش کورد بە برایەتیی و تێکەڵیی دەگەڵ گەلانی دراوسێ و هاوژیانی قایل بووە و تەنانەت زۆر کەمتر لەو مافانەی کە بە گەلێکی دەیان ملوێنی خاوەن نیشتمانێکی بەرین و پڕ پیت و خاوەن زمان و کولتوور و دابونەریتی خۆی، رەوایە قەناعەتی کردووە کەچی ئەو رژێمانە هێشتنەوەی ئەو گەلەیان لە بێبەشیی و کۆیلەییدا بە ئەرکی مێژوویی خۆیان داناوە و وەڵامی نیازپاکیی و ئاشتییخوازیی کوردیان بە سەرکوت و داپڵۆسین و بەدنیەتیی، داوەتەوە.

لە زاراوەی ئەو رژێمانەدا کە کوردستانیان لەنێودا دابەشکراوە وشەی جیاوازییخوازیی (تجزیە طلبی) لەلای کوفریشەوەیە و تاوانێکی لەبەخشین نەهاتووە. بۆیە هەموو جووڵانەوەیەک کە لە کوردستان سەریهەڵدابێ لەلایەن ئەو مەزنیخوازانەوە مۆرکی جیاوازییخوازیی لێدراوە بۆ ئەوەی پاساوێکی بێگرێ و گۆلیان بۆ سەرکوتکردنی بزوتنەوەکان و هێشتنەوەی کورد لە کۆیلەییدا لەدەست دابێ.

شتێکی روونە کە چەمکی جیاوازییخوازیی لەڕاستییدا بریتییە لە لەتوپەتکردنی وەڵاتێک و لێکدابڕینی نەتەوەیەکی خاوەن یەک زمان و وێژە و فەرهەنگ و... نەک یەکگرتنەوەی بەشە لێکدابڕاوەکانی یەک نەتەوە و بەیەکەوە لکاندنەوەی نیشتمانە لەتوپەتکراوەکەی ئەو میللەتە کە بەبێ پرس و مەیل و ئیرادەی خۆی و بە زۆرەملێ ئەو کارەساتەیان بەسەر هێنا. هەرچەن خواستی زۆربەی بزاڤەکانی کورد شتێکی کەمتر لە جیابوونەوە و سەربەخۆیی بووە و هەیە بەڵام ئەگەر کورد بە قۆناغێک بگا کە سەربەخۆیی بە قازانج بزانێ مەنتیق و عەدالەت و مرۆڤایەتیی داوای ئەو مافە بە کوفر و تاوان دانانێن و دەگەڵ یاسا نێودەوڵەتیی و بڕیارە نێونەتەوەییەکان ناتەبایی نابێ. ئەو داوایە بۆ کورد جیاوازییخوازیی نییە بەڵکوو داوای یەکگرتنەوەی نەتەوەکەی نیشتمانە بەزۆر لێکدابڕاوەکەیەتی کە لە قۆناغێکی مێژووی بەپێی بارودۆخێکی تایبەت بەناهەق بەسەریدا سەپاوە.

**"لە ئاکامی زەبروزەنگ و پێشێلکرانی ماف و کەرامەتی گەلی کورد لەلایەن مەزنیخوازانەوە، جووڵانەوەی رزگارییخوازیی ئەو گەلە لە پارچە جیاجیاکانی کوردستان سەریهەڵدا و پەرەی گرت و کەوتە قالبێکی نوێترەوە و بەرەبەرە کێشەی کورد کەوتە سەر شانۆی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بوو بە کێشەی نەتەوەیەکی چەوساوە"**

ئەگەر بە چاوێکی واقیعبینانەوە لە مەسەلەکە وورددەبین جیاوازییخواز(تجزیە طلب) ئەو لایەن و دەسەڵاتانەن کە نەتەوەیەکی دەیان ملوێنی خاوەن زمان و کولتوور و مێژوو و دابونەریتی تایبەتی وەک گەلی کوردیان بە زەبری زۆر کردۆتە چەن بەش و نیشتمانێکی بەرین و پڕ پیت و بەرەکەتی وەک کوردستانیان بەبێ پرس و ئیرادە و حەزی خاوەنە راستەقینەکەی لەتوپەت و داگیرکردووە و ئێستاش لەسەر ئەو ناهەقیی و ستەمکارییە هەر موکڕن و ئەو سنوورە دەستکردانەی خۆیان بە شتێکی پیرۆز و خوداکرد دادەنێن و تووشبوون و دەستبۆبردنیان بقەیە و کوفری دوازدە ئیمامە. بەڵێ لەڕاستییدا ئەوانەن جیاوازییخواز نەک ئەو کوردەی کە خوازیاری یەکگرتنەوەی خۆی و بەیەکەوەلکانی بەشەکانی نیشتمانە دابەشکراوەکەی و هەڵوەشانەوەی سنووره دەستکردە داسەپاوەکانە. دیسان ئەو راستییە مێژووییە دووپات دەکەینەوە کە هەر بەیەکەوەلکاندن و لێکدابڕینێک کە بەبێ مەیل و ئیرادەی گەلانی لێکدابڕاو و نیشتمان لەتوپەتکراو بکرێ سەرنەگرێ و خۆگێلکردن لەو راستییە خۆفریودانە و پێچەوانەی عەدالەت و مەنتیقە.

www.arsivakurd.org

# نا
# بۆ هێرشی سوپای تورکیە بۆسەر باشووری کوردستان

ناسر ح.

وەک هەموو لایەک ئاگادارن ماوەیەکە سوپای دەوڵەتی تورکیە بە هەموو هێز و توانا و چەکوچۆڵیەوە بۆ هێرشکردنە سەر باشووری کوردستان لە خۆئامادەکردن دایە. بێگومان وەک هەمیشە بیانوو و پاساوی تورکیە بۆ ئەم هێرشانە لێدانی




هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان و هێرشکردنە سەر بنکە و بارەگاکانی ئەو پارتەیە و هەڵکەندنیانە لە خاکی باشووری کوردستان کە گوایە ئەو هێزانە لە خاکی باشووری کوردستانەوە هێرش دەکەنە سەر هێزەکانی سوپای تورکیە و ئاساییشی وەڵات دەشێوێنن. بەڵام بۆ هەموو کەس روون و ئاشکرایە کە تاقە مەبەستی تورکیە لەو هێرشانە دژایەتییکردنی کورد و حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە باشووری کوردستان و لێدان و لاوازکردنی ئەو دەسەڵاتەیە کە ئێستا بۆتە تروسکەی هیوای هەڵاتنی هەتاوی ئاواتە دێرینەکانی کورد بەگشتیی. هەروەها مەبەستی دوژمنکارانەی ئەو سوپایە لەو کردەوەیە، هێرشکردنە بۆسەر خاکی باشووری کوردستان و زیانگەیاندنە بە دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و لە کۆتاییشدا رووخاندنی ئەو دەسەڵاتە و داگیرکردنی باشووری کوردستانە. ئەم لەشکرکێشیی و هەڕەشانە لە کاتێکدان کە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەراست و عێراق بەگشتیی و باشووری کوردستان بەتایبەتیی بە برگەیەکی هەستیار و چارەنووسسازدا تێدەپەڕێ و لەو شوێنەدا چاوەڕوانی هاتنەدی بەشێکی بەرچاو لە ویست و داوارەواکانی کورد لەو بەشەی کوردستان دەکرێ.

بێگومان مەبەستە دیار و شاراوەکانی ئەم هێرشە و پاساوەکانی دەوڵەتی تورکیە لەم بارەوە هەرچییەک بێ ئەم هێرشە سەربازییە پێش هەموو شتێک هێرشی درندانە و نامرۆڤانەیە بۆسەر پیرۆزییەکانی کورد و دژی ماف و ئازادییەکانی ئەم نەتەوەیە. دواتر تێکدانی ئارامیی و ژیانی هێمنانە و دوور لە شەڕی ژن و منداڵ و پیاوی کوردستانە و دژایەتیی راستەوخۆی لەگەڵ هەستی مرۆڤانە و دنیای ئاشتییخوازانە و دراوسێیەتیی و پێکەوەژیان و لێکتێگەیشتن هەیە.

هەڕەشە و هێرشی سوپای تورکیە بۆسەر خاکی وڵاتێکی سەربەخۆی وەک عێراق و باشووری کوردستان لەگەڵ عورف و یاسا نێودەوڵەتییەکان و پەیامە ئاشتییەکان زۆر بە توندیی دژایەتیی هەیە و بە هەموو پێوانەیەک پێچەوانەی ژیانی ئاشتییانە و کەشی گفتوگۆ و لێکگەیشتن و دنیای پێشکەوتووە.

دەوڵەتی تورکیە بەو هێرشانە دەیەوێ کەشی سەقامگیری باشووری کوردستان بشێوێنێ و ترس و دڵەڕاوکێ و نائارامیی بخاتە ناو خەڵکی کوردستان تا دواتر بە خەیاڵی خاوی خۆی پایەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بڕووخێنێ و لەوێشەوە زەربە لە شوورەی شۆڕش و قەڵای قاییمی باوەڕی نەتەوەی کورد بدا.

**”بۆ هەموو کەس روون و ئاشکرایە کە تاقە مەبەستی تورکیە لەو هێرشانە دژایەتییکردنی کورد و حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە باشووری کوردستان و لێدان و لاوازکردنی ئەو دەسەڵاتەیە کە ئێستا بۆتە تروسکەی هیوای هەڵاتنی هەتاوی ئاواتە دێرینەکانی کورد بەگشتیی“**

بێگومان بیری رەگەزپەرستیی و هەستی شەرانگێزیی و حەزی سەرکێشی ستەم و بێدادیی هەمیشە هێزی پاڵنەر و وزەبەخشی هێرشی سوپای داگیرکەرانی کوردستان بۆسەر خاک و خەڵکی ئێمەی کورد بوون بەڵام ئەو شەڕخوازانە بۆ داپۆشینی کردەوە دزێو و نیازە گڵاوەکانیان لە بیانووی جۆراوجۆر و سیاسەتی چەواشەکارانە کەڵکیان وەرگرتووە. ئەوان بە درێژایی مێژووی نوێ لەژێر پەردەی پاراستنی ئاساییشی وەڵات و راونانی "تیرۆریست" و "دژەشۆڕش" و "تێکدەر"و... هەموو هێز و توانا سەربازیی و سیاسیی و ئابوورییەکانیان بۆ لەناوبردنی یەکجارەکیی کوردان و بە سوتمانکردنی نیشتیمانی ئەو نەتەوەیە کردووە.

بەرپەرچدانەوەی ئەو هێرشەی سوپای تورکیە و راوەستان لەدژی ئەو سیاسەتە دژە مرۆڤانەیە، ئەرکی هەنووکەیی و هەمیشەیی هەموو رۆڵەیەکی کورد لە هەر شوێنێکی دونیایە هەروەک لەسەر ئاشتییخوازان، داکۆکیکەرانی مافی مرۆڤ و دۆستان و خەمخۆرانی گەلەکەمان پێویستە بە یەک دەنگ و بە یەک هەڵوێست لە دژی ئەو هێرشە و حەزی نامرۆڤانەی دەوڵەتی تورکیە بووەستن و رێگە نەدەن ماف و کەرامەتی مرۆڤانەی گەلی زۆربیلیکراوی کورد پێخوست بکرێ و ژیان و ئارامییان بکرێتە سووتەمەنیی شەڕی شەڕخوازانی دەوڵەتی تورکیە.

سەرکەوێ خەباتی ئازادییخوازان بۆ هێنانەدی ژیانێکی ئارام و دوور لە شەڕ.

www.arsivakurd.org

# دیکتاتۆر شتێکی تەواو ناپەسەندە

## پرۆفیسۆر تاریق ڕەمەزان لەبارەی دێمۆکراسییەوە دەدوێ

وەرگێرانی لە سویدییەوە: خونچە سلێمانپوور

**دە نگ بە کێ دەدەی ببێتە سەرۆک کۆماری هەموو جیهان؟**



پێش هەموو شتێک دەمهەوێ بڵێم کە من لەگەڵ ئەو بیروبۆچوونەدا نیم، لەبەرئەوەی من پێم وایە ئەمە ڕێگایەکی هەڵەیە. بۆچوونی من دەربارەی دەسەڵات ئەوەیە کە دەسەڵاتێکی ڕەها و بێسنوور هەرگیز ناتوانێت دادگەر بێت. ئێمە پێویستیمان بە هاوسەنگییەک هەیە لە دەسەڵاتدا.

**تیرۆریزم دەتوانێت دێموکراتیی تێکبدات؟**

ئەوەی ئێمە لەم دواییانەدا بینیومانە، بەتایبەت دوای یازدەی سێپتەمبەر، دۆڕاندنی مافە مەدەنییەکان ئەنجامی ڕاستەوخۆی تیرۆریزمە. کاتێک مرۆڤ بەم شێوەیە هەوڵی بەربەرەکانیی تیرۆریزم دەدات ئەوا وڵاتە دێموکراتەکان لێدەگەڕێن تیرۆریزم تەواوی سیستەمی دێموکراسیی بنکۆڵ بکات.

**کێ دەسەڵاتی بەسەر جیهاندا هەیە؟**

من لەو باوەڕەدام کە دەسەڵات هەیە بینراو و لەبەرچاوە و دەسەڵاتیش هەیە کەمتر لەبەرچاوە. ڕێکخراوە ئابووریی و پان نەتەوەییەکان دەسەڵاتێکی یەکجار گەورەیان هەیە کە لەسەر ئاستی گشتیی قسەی لێ ناکرێت. هەروەها میدیاکانیش زۆر بە دەستەڵاتن: ئەوان کە ڕای گشتیی دروست دەکەن.

**بۆچی پێویستە دەنگ بدەین؟**

ئەمە ئەرکێکە و هەروەها شێوازێکە بۆ دروستکردنی گۆڕانکارییەکان. بەشدارییکردنی هاووڵاتیی لە سیاسەتدا زۆر گرنگە. زۆرتر وایە ئێمە باس لە مافەکانی هاووڵاتیی دەکەین نەک لە ئەرک و بەشدارییەکانی.

**ئایا ژنان لە پیاوان دێموکراتییترن؟**

من لەگەڵ ئەوەدا نیم کە ڕاستییەکان بەو شێوەیە دابەش بکرێن، پیاو لە لایەک و ژن لە لایەکی دیکە لەبەر ئەوەی ژنی زۆر دێموکرات هەن هەر وەک پیاوی دێمۆکراتیش هەن.

**ئایە خوا دێموکراتە؟**

بەلای منەوە خوا دوورە لەم دەستەواژەیە. ئێمە دەبێت لە ڕاستییدا زۆر وریا بین کاتێک ئەم دوو بوارە، سیاسەت و دین تێکەڵ دەکەین. چونکە دەکرێت ئەمە زۆر مەترسییدار بێت.

**دێموکراتیی باشە بۆ هەمووان؟**

ئەگەر بەها و بنەماکانی دێموکراسیی لەبەرچاو بگرین ئەوە ئەو کاتە دێموکراسیی بۆ هەموو لایەک باش دەبێت. بەڵام ئەمرۆ مۆدێلەکانی دێموکراسیی زۆر دوورن لە ڕاستەقینە، لەبەر ئەوە ئەوانەی ڕوانگەی خۆیان لەسەر دێموکراسیی بینا دەکەن، لەسەر ئەو سیستەمە دێمۆکراسییە [باوانە]، ناتوانن دێمۆکراسییەکیان هەبێت کە باش بێت بۆ هەمووان.

> ”ئەمڕۆ مۆدێلەکانی دێموکراسیی زۆر دوورن لە ڕاستەقینە، لەبەر ئەوە ئەوانەی ڕوانگەی خۆیان لەسەر دێموکراسیی بینا دەکەن، لەسەر ئەو سیستەمە دێمۆکراسییە [باوانە]، ناتوانن دێمۆکراسییەکیان هەبێت کە باش بێت بۆ هەمووان“

**چی وات لێ دەکات کە شۆڕشێک هەڵگیرسێنی؟**

لە ڕاستییدا زۆر شت، بەڵام پێش هەموو شتێک دەمهەوێ بڵێم ئەگەر مافە مرۆییەکانم ڕێزیان لێ نەگیرابێ یاخود کە ببینم خەڵک، لەژێر ناوی سیستەمێکی ئابووریی یان سیاسییەوە، وەک مرۆڤ مامەڵەیان لەگەڵ ناکرێ، لەڕێی ئەشکەنجەدانەوە بۆ نموونە.

ئاساییکردنی ئەشکەنجە و ئازار وام لێدەکات کە بیربکەمەوە لەوەی کە شتێک پێویستە بکرێت بۆ ئەوەی گۆڕانکاریی ئەنجام بدرێت، بەهاپێدانێکی دیکە، شۆڕشێک.

**ئایا دیکتاتۆر هیچ کاتێک باشە؟**

نەخێر، هەرگیزاو هەرگیز، بەپێی بیروبۆچوونەکانی من دیکتاتۆر شتێکی تەواو ناپەسەندە. بیرۆکەی دیکتاتۆرێکی چاکساز کە بە دڵێکی چاکەوە خەڵک بەڕێوەببات زۆر مەترسییدارە، تەنانەت ئەگەر بەنییەتە هەرە باشەکانیش دەست پێبکات.

**دێموکراسیی دەتوانێت قەیرانی ئاو و هەوا چارەسەر بکات؟**

من دڵنیا نیم لەوەی کە دێموکراتیی باشترین چارەسەر بێت بۆ ئەو جۆرە پرسیارە ئەخلاقییانە. دەکرێ خەڵک زۆر خۆپەسندبن وە هەندێ جار ئێمە ناچارین بڕیاری نائاسایی بدەین کە قوربانییدان لەخۆ دەگرێت بۆ ڕزگارکردنی هەسارەکەمان.

**سەرچاوە:**

Metro, 2007-10-16

تاریق ڕەمەزان، تەمەنی ٤٦ ساڵە و نووسەر و پرۆفیسۆرە لە بواری فەلسەفە و ئایین، بەناوبانگە بە گرنگییپێدنەکانی بە ئێوروئیسلام

www.arsivakurd.org

# یادێک لە شاسواری زانست و خەبات

کاروان. ع

هەر سەرەتایەک کۆتاییەکی هەیە، کۆتایی ژیانیش مەرگە. گرینگ ئەوەیە مرۆڤ لەماوەی ژیانییدا چی بۆ گەلەکەی و مرۆڤایەتیی کردووە. شانازیی بۆ ئەو کەسانەیە کە دوای خۆیان ناوی چاک بەجێ دێڵن و لەناو دڵی خەڵکا جێ دەگرن.

پایزی ساڵی ١٩٩٧ ی زایینیی پایزێکی یەکجار ڕەش و سامناک بوو. ئەوەندە ڕەش و تاریک بوو کە ڕەنگی زەردی سروشتی شاردبۆوە. زریانی بەتەوژمی مەرگ هەر بە داماڵینی گەڵای داران و راماڵینی گوڵ و گیا رانەدەوەستا، دەیویست خۆشەویسترین کەسمان لێ بستێنێ. ئەو کەسەی کە وەک دارە بەن دەیان ساڵ بوو لەسەر دوندی چیا لەبەرامبەر تۆفان و گەردەلوول و رنوو و رەگبار و بۆمبدا سەربەرزانە راوەستابوو.

یادی سەرکردەی شەهید ماموستا مەلا خدر عەبباسی شتێک نییە کە بە نووسراوەیەک یان گرتنی ڕێورەسمێک تەواو بێ، بەڵکوو یادی ئەو نەمرە هەموو چرکەیەک دەکرێتەوە و یادکردنەوەی دەبێتە هاندەری قوتابیانی ڕێبازی ئەو تێکۆشەرە فیداکارە.

خوالێخۆشبوو ماموستا هەر لەوکاتەدا کە بەرنامە و پڕۆگرامی "خەبات"ی بە قەڵەمی بەتوانای هێنایە سەر کاغەز، شەو و ڕۆژ بۆ ئەو ئامانجە خەباتی دەکرد، بەشێوەیەک کە هەستت دەکرد بەڕاستی ٢٤ سەعاتی شەو و ڕۆژ بەشی تێکۆشانی بەردەوامی ماموستا ناکا.

کاتێک دەیفەرموو ئێمە ڕێکخراوێکی نەتەوایەتیی - ئیسلامیین، لە قوڵایی دڵیەوە باوەڕی پێ بوو، ئیسلامی بەتەنیا ڕێگای ڕزگاریی دەزانی و شانازیی بەباوەڕی خۆی دەکرد. نەک وەک هێندێک کەس کە دین وەک دێوجامەیەک بەکاردێنن بۆ ڕاوی خۆیان و مەبەستیان تەنیا دەوڵەمەندیی و ژیانی دنیایە، یان پۆلێک دەروێشی بێ ئاگا لە هەموو شتێک لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە و بۆ مەبەستی پیسی خۆیان بەکاری بێنن.

ماموستا کە باسی کوردایەتی دەکرد، بەتەواوی توانا بۆ ڕزگاریی نەتەوەی کورد تێ دەکۆشا، تەنانەت لە بەشەکانی تری کوردستانیش هەڵوێستی دەگرت و لە یارمەتیی بزوتنەوەی کورد درێغیی نەدەکرد. ڕاگەیاندراوی ڕێکخراوی خەبات لە تاوانبارکردنی ڕژێمی بەعس لەمەڕ بۆمبارانکردنی زیندانی (دۆڵەتوێ)ی "حدکا" کە بوو بەهۆی کوژرانی سەدان دیلی ئێرانی و تاوانێکی گەورە بوو، بە قەڵەمی ماموستا نووسراوە کە بەتەوایی ئەو کارەساتە سامناکەی لەقاو داوە. یان شێعری بەناوبانگی زۆزگ و سپیرێز کە باسی هاودەردیی کوردی رۆژهەڵات لەگەڵ باشوور دەکا و هەردووک رژێمی ئێران و عێڕاق تاوانبار دەکا، یەکێک لە شاکارەکانی ئەو سەردارەیە. ئەو دوو بابەتە گرینگە کە بەئاشکرا دژی رژێمی بەعس بوون لەدوای ٣ ی جۆزەردانی ١٣٦٦ لەلایەن ئەو گورگانەی کە لە کەوڵی مەڕ دابوون کرابوون بە عەرەبیی و وەک راپۆرت درابوون بە دەزگای موخابەرات تا ماموستا و هاوڕێیانی پێ بخەنە ژێر فشار، بەڵام بلیمەتیی و نەبەزیی ماموستا نەخشەکانی لێ هەڵوەشاندنەوە.



ماموستا مەلا خدر عەبباسی

ماموستای نەمر هەموو کات لەسەر سەربەخۆیی "خەبات" پێی دادەگرت، ڕێگەی بە هیچ دەوڵەت و سازمانێک نەدەدا دەست لە کاروباری خەبات وەربدەن. حەماسە و خۆڕاگریی کادر و پێشمەرگەکانی ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستان، بەتایبەتیی لە بناری قەندیل، بۆ دۆست و دوژمن روونە کە چۆن سەرکردە و کادر و پێشمەرگەکانی خەبات،ی شۆڕشگێڕ سەریان بە برسێتیی و نەداریی شۆڕکرد بەجۆرێک کە حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکە فیداکاریی و بەباوەڕیی خەباتییەکانیان بە نموونە دەهێنایەوە و لە کۆڕەکانی خۆیاندا باسیان دەکرد. ئەوە کاتێک بوو کە بەناوشۆڕشگێڕەکان بە سەرمایەی شۆڕش خۆیان دەوڵەمەند دەکرد و تەنیا شتێک کە بۆیان گرینگ بوو خواردن و گوزەران بوو.

ماموستا و ڕێبەری شەهید لە باری سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئایدۆلۆژییەوە خاوەنی ڕێبازێکی راست و ڕوون بوو. ئەو ئیسلامی وەک مەکتەبێک دەبینی کە کێشەکانی مرۆڤ لە هەموو بوارێکدا چارەسەر دەکا و دەیفەرموو: ئینسانەکان مافی یەکسانیان هەیە و تەنیا کردەوەی چاکە کە ئینسان لەلای خەڵک و خودا ڕێزدار دەکا.

ماموستا وەک نووسەر و شاعیر و سیاسەتوانێکی بەتوانا لە ڕێگای ئازادیی کوردستان لێبڕاوانە تێدەکۆشا. گۆڤارەکانی "تێکۆشان"، "بێستان" و زنجیرە وتارە مێژوویەکانی یادگاریی ئەو قەڵەمە رەنگینەن.

لە یادی ١٠ ساڵەی کۆچی دوایی ماموستای شەهید لە خودای گەورە دەپاڕێینەوە کە ماموستا و گشت شەهیدانی خەبات و کوردستان بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکا و رووحیان شاد بێ. بەخۆشییەوە ئەمڕۆ نەوەیەکی نوێی "خەبات" پێگەیشتووە کە سەرکەوتنی شۆڕش مسۆگەر دەکا، ئەوەش ئەو ئاوات و هیوایەی ماموستا بوو کە دەیفەرموو:

ئەو لاوە ژیرەی بە خوێن پێگەیی
هاکا گوڕاندی دنیا تێگەیی
ئەوسا بە دژمن سەر نەوی دەکەم
ئالای سەربەستیی بۆ گەل هەڵ دەکەم

*****

www.arsivakurd.org

# ئیعدام لە ئێراندا

## راپۆرتی ساڵی 2007

بێستانچی




بەبۆنەی ١٠ ی رەزبەر (١٨ی ئۆکتۆبر) رۆژی جیهانیی خەبات بۆ هەڵوەشاندنەوەی سزای کوشتن و بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی هەواڵی پێشێلکردنی بەردەوام و بەبەرنامەی حکوومەتی کۆماری بەنێو ئیسلامیی ئێران لەمەڕ مافەکانی مرۆڤ، "چالاکانی ئێرانیی داکۆکییکاری مافەکانی مرۆڤ لە ئوروپا و ئامریکای باکووری" راپۆرتی ئیمساڵی چۆنیەتیی سزای ئیعدام لە ئێران بە ئاگاداریی بیروڕای گشتیی رادەگەیەنن.

ئەم راپۆرتە باسی ناو و ناسنامەی کەسانێکە کە لە ماوەی زەمەنی رەزبەری ١٣٨٥ (ئۆکتۆبری ٢٠٠٦) تا کۆتایی خەرمانانی ١٣٨٦ (سێپتامبری ٢٠٠٧) لە ئێران لەلایەن حکوومەتەوە سزای کوشتنیان بەسەردا براوە یا ئەو سزایە بەڕێوە چووە. زانیارییەکانی ئەم راپۆرتە بەگشتیی لەسەر دەنگوباسەکانی هەواڵدەرییە فەرمییەکان (نێونەتەوەیی و خۆجێیی)، رۆژنامە و بڵاوکراوەکان، ماڵپەڕە ئینتێرنێتییە خەبەرییەکانی نێوخۆ و دەرەوەی ئێران و هەروەها هێندێک سەرچاوە لە دەرەوەی ئێران، سەرچاوەیان گرتووە.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو سانسۆرە خەبەرییە کە حکوومەتی ئێران رەچاوی دەکات و بە لەبەرچاوگرتنی بڵاونەکردنەوە یان ناتەواو بڵاوکردنەوەی دەنگوباسی پێوەندییدار بە کەسانی ئیعدامکراو یا ئەو کەسانەی ئەم سزایەیان بەسەردا براوە، ئەم راپۆرتە ناتوانێ دەرخەری هەموو ئەو ئیعدامانە بێ کە لە ئێران بڕیاریان لەسەر دەدرێ یا بەڕێوە دەچن.

یەکەم: ئیعدامکراوەکان

**بەپێی ئەم لیستە:**

- لە ماوەی یەک ساڵی باسکراودا، بەگشتیی ٢٦٥ بڕیاری کوشتن بەڕێوەچووە کە بەبەراورد لەگەڵ ساڵی رابردوودا ١٤٠ کەس زیاتر ئیعدام کراون.

- لەکۆی ئەم ئیعدامکراوانە ٣ کەسیان ژن بوون.

- ٣٤ کەسیان زیندانی سیاسیی بوون، کە ئەم ژمارە پێنج بەرابەری ئیعدامکراوە سیاسییەکانی ساڵی رابردووە.

- زیاتر لە ١٠٠ کەس لەپێش چاوی خەڵک هەڵواسراون کە ئەمە دوو بەرابەری ساڵی پێشوویە.

- یەک کەس لە ئەنزاری گشتیی بەردباران (رەجم) کراوە.

- لە ٧٧ کەس لەو ئیعدامکراوانە کە تەمەنیان ئاشکرا بووە، ٤٧ کەسیان تەمەنیان نەگەیشتۆتە ٣٠ ساڵ و ٣٠ کەسیان لە ٣٠ بەرەوژوور بوون کە بەتەمەنترینیان ٦٥ ساڵان بووە.

- زانیاریی لەسەر ٥٧ کەس لەم کوژراوانە ناتەواو بووە.

دووەم: چاوەڕوانانی ئیعدام

**بەپێی هەمان لیستە:**

- لەم ماوەدا ٢١٨ کەس حوکمی ئیعدامیان بەسەردا سەپاوە چاوەڕوانی کوشتنن. بەپێی ئەو زانیارییانەی کە دزەیان کردۆتە دەرەوە، بڕیاری کوشتنی ٣٩ کەسی دیکەش کە حوکمەکەیان ساڵانی پێشتر دەرچووە و بەهەر هۆیەک بەڕێوە نەچوە، دیسانەوە وەگەڕخراوەتەوە و دیوانی بەرزی وڵات پەسەندی کردۆتەوە. جێی ئاماژەیە کە ناوی ئەم کەسانە لە لیستەکەدا نییە.

- رێژەی بڕینەوەی سزای ئیعدام لەم ماوەدا لەئاست ساڵی رابردوودا %٦٠ زیادی کردووە و لەم کەسانە:

- ١١ کەس سزای بەردباران (رەجمکردن)یان بۆ دەرچووە.

- ٢٦ کەسیان ژنن.

- ٥ کەسیان زیندانی سیاسیین.

- لەنێوان ٩٨ کەسدا کە تەمەنیان زانراوە، ٤ کەسیان تەمەنیان کەمتر لە ١٨ ساڵە، ٦٣ کەس لەنێوان ١٨ تا ٣٠ ساڵدان، ٣١ کەس لە ٣٠ بەتەمەنترن. جێگەی ئاماژەیە کە ٧ کەس لەکاتی تاوانی تەمەنیان لەژێر ١٨ ساڵەوە بووە.

- زانیاریی لەسەر ٧٦ کەسی دیکە لەم سزای ئیعدام دراوانە بە ناتەواویی گەیشتۆتە دەرەوە.



www.arsivakurd.org

# مۆبایل و زیانەکانی بۆ مێشک

وەرگێرانی لە سوئێدییەوە
پێشرەو مەعریفەتی

لە لێکۆڵینەوەیەکی فراواندا دەرکەوتووە کە بەکارهێنانی مۆبایل زیانی بۆ مێشکی مرۆڤ زۆرە. هەر لەم بارەوە زانایانی سوئێدیی دەڵێن: قسەکردن بە مۆبایل، بۆ ماوەی زیاتر لە کاتژمێرێک لە رۆژێکدا، ئەگەری توشبوونی نەخۆشیی شێرپەنجە نیو بەرابەر زیاد دەکا، واتا بە رادەی لە سەدا پەنجا. هەر لە لێکۆڵینەوەیەکی دیکەی زانایانی پزیشکیی لە لەندەنی پێتەختی بریتانیا دەرکەوتووە کە قسەکردن بە مۆبایل مەترسیی تێکچوونی مێشکی مرۆڤ زیاد دەکا، بەتایبەت بۆ منداڵ و مێرمنداڵان.

پرۆفیسۆری سوئێدی (لێنارت) دەڵێ: دەبێ ئێمە زۆر نیگەرانبین و خۆمان لە بەکارهێنانی مۆبایل، بەشێوەیەکی زۆر، بپارێزین. ئەم تاقیکردنەوەیە تا ئێستا بە گەورەترین تاقیکردنەوە دادەنرێت و ئەنجامێکی روونی لێکەوتەوە و تێیدا دەرکەوت کە:

ئەگەر رۆژانە زیاتر لە یەک کاتژمێر مۆبایل بەکاربێنێ لە ماوەی ١٠ ساڵدا بە نزیکەی لە سەدا پەنجا ئەگەری تووشبوونی نەخۆشیی شێرپەنجەی مێشکت لێ دەکرێ.




کارگەکانی دروستکردنی مۆبایل ئەوەندە بایەخ بەوە نادەن کە مۆبایل چەندی زیان بۆ مرۆڤ هەیە، بگرە خۆیان لەو پرسیارانەش بەدوور دەگرن کە ئەم باسە دەوروژێنن.

شتێکی دیکە کە ئیمە زۆر دەترسێنێ و جێگەی مەترسییە ئەوەیە کە شەپۆلەکانی مۆبایل دەچنە ناو قووڵایی مێشکی مرۆڤ. ئەم راپۆرتە لە رۆژنامەیەکی زانستیی سوئێدی بڵاوکراوەتە کە هەر سێ هەفتە جارێک دەردەچێت.

Lennart Hardell و Hansson Mild دوو زانای سوئێدین کە هەستاون بە ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

هەردوو زانا هانسۆن و لێنارت تاقیکردنەوەیان لەسەر ٢٢٠٠ کەس کردووە و بەم ئەنجامە گەیشتوون. جا بۆئەوەی زیاتر دڵنیابن لە راستیی و دروستیی ئەنجامەکەیان هەستاون بە بەراوردکردنی لەگەڵ چەند تاقیکردنەوەیەکی دیکە کە لە وڵاتانی فینلاند، دانیمارک، ژاپۆن، ئاڵمان، ئامریکا و بریتانیا ئەنجامدراون.

ئەم شەپۆلانەی مۆبایل زیان، لە هەمووان زیاتر، بە منداڵ دەگەیێنێ، ئەویش لەبەر ئەوەی ئێسقانی مێشکی ئەوان تەنکترە و هێشتا بە باشیی گەشەیان نەکردووە.

ئەمرۆ لە وڵاتی سوئێد زیاتر لە نیوەی منداڵانی تەمەن ٧ ساڵان مۆبایلیان هەیە. لە سەدا حەفتاوپێنج لە مێرمنداڵان و لە سەدا نەوەدونۆی ئەوانەی کە تەمەنیان ١٩ ساڵ بەرەوسەرە خاوەنی مۆبایلن.

لە رۆژنامەیەکی تردا نووسراوە کە ئەوانەی سیگار دەکێشن بە رێژەی ١١% زیان بە سیەکانیان دەگەیێنێ و، سیگار ئەگەری تووشبوونی شێرپەنجەی سیەکان زیاتر دەکا. بەڵام مۆبایل بە رێژەی ٥٠% زیاد دەکات.

**ئەگەر دەتەوێ خۆت لەم زیانانە بەدوور بگری ئەم خاڵانە رەچاو بکە**

- بەکاربێنە لەبەر ئەوەی ئەو بە رێژەی ٩٥% Handsfree شەپۆلەکان دووردەخاتەوە.
- کورتنامە بەکاربێنە لەجێی ئەوەی تەلەفوون بکەی.
- لەکاتی لێخورینی ئۆتۆمبێلدا ئای فۆن بەکاربێنە بۆ ئەوەی شەپۆلەکان لە پەنجەرە و ئانتێنەکەوە دەربچن و لە تۆ دوور بکەونەوە.
- مۆبایلی ئانتێندار باشە و شەپۆلەکانت لێ دوور دەخاتەوە.
- مۆبایلی بچووک باش نییە لەبەر ئەوەی لە ناو دەستتدا بزر دەبێ و شەپۆلەکان بە ئاسانیی دەچنە ناو مێشکت.
- هەتا دەتوانی تەلەفوونی سیمدار بەکاربێنە بۆئەوەی شەپۆلەکان بۆ تۆ نەگەرێنەوە.
- مۆبایل کەم بەکاربێنە.

---

پاشماوەی لاپەڕە ٨

... هیچ لایەکیش لەو را ناکۆکانە بە هەڵە و نادروست دانانڕێ. لە مێژوودا دەبینین کە حەزرەتی ئەبو حەنیفە و یارانی هەروەها ئیمامی شافعیی و پەیرەوەکانی نوێژیان لەدوای پێشنوێژەکانی مەدینەی دەکرد کە ئەوان مالکیی بوون و (بسم الله)یان لە فاتیحەدا نە بە سووکیی و نە بە توندیی نەدەخوێند، نەخوێندنی (بسم الله)ش هەم بە مەزهەبی حەنەفیی و هەم بە مەزهەبی شافعیی نوێژێ بەتاڵ دەکا بەڵام چونکە نەخوێندنی ئەو ئایەتە لەلایەن پێشنوێژەکانی مەدینەوە لەسەر رای ئیمام مالکی بوو بە هەڵە و نادروستیان دانەناوە و نوێژیان لە دواوە کردوون.

پوختەی باسەکە ئەوەیە کە ئەحکامی ئیسلام چەند جۆرن. ئەوانەی پێوەندییان بە باوەڕ و عەقیدەوە هەیە یەقینین و ئیختیلاف و جیاوازیی هەڵناگرن، ئەو حوکمانەش کە بە دەقی قورئان و حەدیسیان یان بە (اجماع) سابیت بوون موخالەفەتیان دەرچوونە لە ئیسلام و بەدرۆکردنەوەی خودا و پێغەمبەرە. ئەو حوکمانەش کە قابیلی ئیختیلاف نین و ئینکارکردنیان کوفرە، بەڵام ئەو حوکمانە کە (ظنی)ن و (اجتهاد)یان تێدا دەکرێ کە زۆربەی ئەو حوکمانە دەگرێتەوە کە پێوەندییان بە کردەوەوە هەیە، ئەوانە جیاوازیی راوبۆچوونیان تێدا دەبێ و قابیلی ئیختیلافن و بابای مسوڵمان بۆی نییە هەر ئەوەی پێ راست بێ کە بۆخۆی لەسەریەتیی و ئەوانی دیکە بە هەڵە ناشەرعیی دابنێ لەبەر ئەو دەلیلانە کە ئاماژەمان بۆ کردن...

www.arsivakurd.org

# تیشکێک لە خۆری ئیسلام

وەرزێر
دەینووسێ

خوێنەری بەڕێز! لە باسی ئەمجارەماندا ئاماژە بۆ ئەحکامی ئایین دەکەین کە هەموویان وەکیەک ئین و نابێ مسوڵمان تەواوی ئەحکامەکانی ئیسلام وەکیەک دابنێ، بەڵکوو پلە و پایەی لێکجیاوازیان هەیە. ئەگەر بابای دیندار ئەو جیاوازییە نەزانێ و حوکمەکانی ئیسلام بە یەک پێوەر بپێوێ و بۆ هەموویان یەک پلە دیاریی بکا سەر لە خۆشی و لەوانەش کە ڕێنوێنییان دەکات، دەشێوێنێ.

لە ئیسلامدا بڕێک حوکم هەن (ظنی)ن و ڕێگەی (اجتهاد)یان تێدایە و چەمکی لێکجیا و لێکدانەوەی جۆراوجۆر هەڵدەگرن، وەکوو ئەو حوکمانە کە دەقێکیان تێدا نەهاتووە یان دەقەکەیان (ظنی)یە و وەکوو زۆربەی ئەو حوکمانە کە پێوەندییان بە کردەوەوە هەیە. ئەویش ئەحکامی (فیقە) دەگرێتەوە لەو حوکمانە (ظن) بەسە و پێویست بە یەقین ناکا، بەڵام بڕێک حوکمی دیکە هەن کە پێویستیان بە جەزم و یەقین هەیە وەکوو ئەو حوکمانە کە پێوەندییان بە بیروباوەڕەوە هەیە. جا ناکۆکیی موسڵمانان لەو ئەحکامە کردەوەیی و (ظنی)یانەدا زیانێکی نییە بەمەرجێک ناکۆکییەکە سەرچاوەکەی (اجتهاد)ی زانا و پسپۆڕە سەردەرچووەکانی ئیسلام بێ. دیارە ئەوە ناکۆکییەکە حەزرەتی محەممەد (د.خ) بە ڕەحمەتی داناوە، چونکە ئەو ناکۆکییە بارسووکیی و گوشادیی بۆ مسوڵمانان تێدایە.

لە ئیسلامدا ئەحکامی دیکەی ئەوتۆ هەن کە بە دەقی قورئان یان فەرموودە یان بە (اجماع) سابت بوون و گەیشتوونە پلەی جەزم. ئەوانە هەرکەس موخالەفەتیان بکا دژایەتیی دەگەڵ سوننەتی پێغەمبەر (د.خ) دەکا و بە فاسق و ئەهلی بیدعەت دادەندرێ و لە هێندێک مەوریددا دەیگەیەنەتە پلەی کوفر.

بڕێک ئەحکامی دیکەش هەن کە زانینیان پێویستە بۆ هەموو مسوڵمانێک و پێیان دەگوترێ (الاحکام المعلومە من الدین بالضرورە). ئینکارکردنی ئەو جۆرە حوکمانە کوفرە چونکە بەدرۆکردنەوەی خودا و ڕەسوڵی خودایە. کەوابوو دانانی هەموو حوکمەکانی ئایین لە یەک پلەدا بەبێ جیاوازییدانان لەنێوان فەرع و ئەسڵ و قەتعیی و زەننیی و ئەوەی لە ئایەت و حەدیس وەردەگیرێ و ئەوەی بە ئیجتیهاد سابیت دەبێ و.... بابای مسوڵمان تووشی سەرلێشێواویی دەکا. دووبەرەکیی و ناکۆکیی لە فروعاتدا شتێکی حەتمییە و ناکرێ نەبێ چونکە هەموو بۆچوون و لێکدانەوەکان یەکنین، ئەوانیش بە ئەقڵ و ڕای پسپۆڕ و سەردەرچووان تەفسیر دەکرێن و لێکدەدرێنەوە لە چوارچێوەی لۆغەت و مەعنای لۆغەتدا. گومانیش لەوەدا نییە کە مرۆڤەکان لەم بوارەدا هەموویان وەکیەک نین و زۆریان جیاوازیی هەیە. جیاوازیی لە بەهێزیی و لاوازییدەرهێنانی ئەحکام لە دەقەکان، جیاوازیی لە فراوانیی زانیاریی و تەنگەبەریی زانیارییدا تەنانەت جیاوازیی لە موحیتدا دەبنە هۆی لێکجیاوازیی ڕا و بۆچوونی پسپۆڕانی ئایین (مجتهدین) لە وەرگرتنی ئەحکامیشەرعیی لە دەقەکان. کەوابوو ئیختیلاف لە فرووعات و ئەحکامی (اجتهادی)دا شتێکی سروشتییە و لەسەردەمی یارانی پێغەمبەر (د.خ) بووە و تابعین ئەو میراتەیان پێگەیشتووە و تا هاتووە مەسائیلی ئیختیلافیی زیاتر بووە بەڵام جیاوازیی لە ڕا و بۆچووندا، بەمەرجێک سەرچاوەی دروستی هەبێ، نابێ ببێ بەهۆی لێکهەڵبەزینەوە و دووبەرەکیی سازکردن و سووربوونی لایەک لەسەر ڕاستوڕەوایی ڕای خۆی و ناڕەوایی و هەڵەیی ڕای بەرامبەرەکەی وەکوو ئێستا دەیبینین لەسەر جۆری ڕاوەستان و لاقدانان و شێوەی دەستگرتن لە کاتی فاتیحەخوێندن لە نوێژدا و جووڵاندن و نەجووڵاندنی قامکی شەهادە لەکاتی شادەوئیمان لە تەحیاتدا و زۆر شتی چکۆلە و فەرعیی دیکەی لەو بابەتە گەورەدەکرێنەوە و هەڵایان لەسەر سازدەکرێ و دەتوانن ببنە ماکەی دووبەرەکیی و دوژمنایەتی نێوان مسوڵمانان. دووبەرەکیی گەیشتۆتە ڕادەیەک کە لایەک تەنیا ئەوەکەی خۆی پێ حوکمی خودایە و ئی بەرامبەرەکەی بە هەڵە و بەدەر لە ئایینی ئیسلام دادەنێ و و بابای موخالیفی خۆی بە تاوانبارێکی گەورە دەزانێ، لەکاتێکدا کە شێوازی نوێژکردنی هەردووک لا لەسەر بناغەی ڕای یەکێک لە پسپۆڕان و شارەزایانی ئایینییە و ڕای هەموویان لەو جۆرە فروعاتانەدا وەکیەک ڕەوایە و هیچ لایەک بۆی نییە ئەوەندە بەرچاوتەنگ بێ تەنیا شێوەی خۆی پێ شەرعیی و ڕەوا بێ. دەبێ ئەو ڕاستییەیان لەبەرچاو بێ کە هەریەکێک لەو شێوە ڕاوەستان و هەستان و دەستگرتنانە ڕای یەکێک لە موجتەهیدەکانە کە هەموو توانای خۆیان بۆ دەرهێنانی ئەحکامی شەرعیی لە دەقەکان تەرخان کردووە بەبێ کەمتەرخەمیی و خۆپەرستیی و تەعەسووب.

جیاوازیی راوبۆچوون تەنانەت لەسەردەمی حەزرەتی ڕەسووڵیشدا لەنێو یارانی حەزرەتدا ڕوویداوە بێئەوەی حەزرەت هیچ لایەکی بە هەڵە دانابێت، وەکوو مەسەلەی نوێژی عەسری لە بەنی قورەیزەدا. حەزرەتی ڕەسووڵ (د.خ) دوای غەزوەی (احزاب) فەرمووی کەسێک باوەڕی بە خودا و بە ڕۆژی قیامەت هەیە دەبێ نوێژی عەسری نەکا لە بەنی قورەیزەی نەبێ. هێندێک لە غەزاچییەکان لە ڕێگایەدا نوێژەکەیان کرد پێش ئەوەی کاتی نوێژی عەسر بەسەر بچێ و گوتیان مەبەستی حەزرەت ئەوە بووە ە پەلەی بکەین بەرەو بەنی قورەیزە، بەڵام هێندێکیان نوێژەکەیان نەکرد هەتا بەنی قورەیزەی چونکە ڕواڵەتی فەرمایشەکەی حەزرەت ئەوەی دەگەیاند کە نوێژەکەی بەرنە ئەوێ با کاتیش بەسەر بچێ. لێرەدا یارانی حەزرەت ئیجتیهادیان لە فەرموودەکەی پێغەمبەردا کرد. دەستەیەکیان فەحوا و مەفهوومەکەیان هەڵبژارد و لە ڕێگەدا نوێژان کرد بەڵام ئەوانی دیکە ڕواڵەتی فەرموودەکەیان لەبەرچاو گرت و هەتا شوێنی دیاریکراو نوێژی عەسریان نەکرد. فەرموودەکەش هەردووک لای هەڵدەگرت و هەریەکەیان عەمەلی بە لایەکیان کرد، کەوابوو هەردووک لا هەر لەسەر ڕێگەی ڕاست ڕۆیشتن و کارەکەیان دروست بوو هەر بۆیەش پێغەمبەر (د.خ) کاتێک بە مەسەلەکەی زانی لۆمەی هیچ لایەکی نەکرد، بەو جۆرە حەزرەت نیشانی مسوڵمانانی دا کە جیاوازیی ڕاوبۆچوون لە شتی (اجتهاد)ی دا شتێکی سروشتییە و هیچ...

پاشماوە لە لاپەڕە ٧

www.arsivakurd.org

# ڕاستە ئیسلام و زانست دژیەکن؟

ئایینی پیرۆزی ئیسلام یەکێکە لە ئایینە ئاسمانییەکان کە وەک هەموو ئەوانی دی بەختەوەریی بۆ گەلانی سەر ڕووی زەوی هێنایە دی. خوای پەروەردگار بەرنامەی ئەم ئیسلامەی، کە قورئانە، بە پێشەوای مرۆڤایەتیی"محەممەد"، سەلامی خودا لەسەر ئەو و شوێنکەتووانی هەتا ئەبەد، گەیاندە مە.

زۆر کەسی بیرکورت و نەفام هەر لەسەرەتای ئیسلامدا و، بگرە ئێستاش، هەبوون و هەن کە دوژمنایەتی دین دەکەن. بێجگە لەوەش دەیانەوێ هەر وەک موسەیلەمەی درۆزن هەڵە لە قورئان وەدۆزن، نازانن کە ئەوانەی وا لەو ڕێگایە تێکۆشاون یا دژ بەم دینە وەستاون گشتیان بۆ ناو دۆڵی مەرگ هەڵدێران و لە دەریای خوادا خنکێنران و قورئان هەر زەق و زیندوو مایەوە و ئەوەی دژ بەویش وەستابوون وەستا نەبوون بەڵکوو ڕووڕەشیی ئەم دنیا و زەلالەتی ئەویدیان بۆ مایەوە. ئەوان چاو و گوێیان هەبوو بەڵام لە ئاست ئەم قورئانە کەڕ و کوێربوون، نەیانزانی کە خێوی ئەم بەرنامەیە خوای کاربەجێیە زانایە و خۆی لە ناویدا فەرموویە کە ئەم کیتاوی قورئانە بێشک ئێمە ناردوومانە و هەر ئێمەشین دەیپارێزین. "انا نحن نزلنا الذكر و انا له لحافظون".

قورئان بەرنامەی ئینسانە، ئاوی ژیانە، دەوای ژانە، بۆ مرۆڤە نەزانەکان ڕێنوێن و هیدایەتە. کارپێکردنی ڕەحمەت و خۆلادانی زەلالەتە. ئەم قورئانە بەرنامەی ژینی ئینسانە بەڵام ئینکار لەوە ناکرێ گەر لە ناو ئەم کیتاوەدا شتی زانستیی بەدی بکرێ. خوایەک کە خاوەنی ئەم کەونەیە و ڕۆژ و مانگ و ئەستێرەکان بە ئەمری وی هەڵدەسووڕێن حەتمەن لەلاشی سانایە شتێک لە قورئاندا باس بکا کە ئێمە ئێستا دەیزانین.

بێجێ نییە ئێمەش لێرە چەند خونچەیەک لە گوڵزاری ئەم قورئانە بکەینە دیاریی بۆ ئەوانەی گەرەکیانە بەختەوەر بن، یان بیکەینە مستی ئیمان بۆ قەپۆزی ئەو کەسانەی ئێژن ئیسلام لەگەڵ زانست دانووی ناکوڵێ، بێخەبەر لەوەی کە ئیسلام چاردە سەدە بەر لە ئێستا گەڕان بەدوای زانستی لەسەر هەموو موسڵمانێک واجب کرد.

نەگونجاوە هەتا ئێستا حەقیقەتێکی زانستیی دژ بە فەرموودەیەک یان ئایەتێکی قورئانیی بوەستێ. بەڵام دەشێ کە هەندێک جار تیۆرێک یا گریمانێکی زانستیی قوتبێتەوە و دژ بە دەقێکی قورئان یان چەمکێکی فەرموودەیەک سەنگەر بگرێ، کەچی دەبینین ئەم تیۆرە پاش ماوەیەک زەمەنەکەی بەسەردەچێ و هەر خۆی هەڵدەوەشێت و دەپووکێتەوە، تاوەکوو یاسایەک یان ڕاستییەکی زانستیی دێتە ئاراوە و بە ملکەچییەوە دێتە خزمەتی ئایەت یان فەرموودەکە.

- سەبارەت بە ئازار کە لە پێستدایە و گۆشت هەست بە ئازار ناک، خوای گەورە دەفەرموێ: (ان الذين كفروا باياتنا سوف نصليهم نارا كلما نضج جلودهم بدلناهم جلودا غيرها ليذوقوا العذاب...).

**راسان**

پزیشکەکان دەزانن کە سووتانەکە دەگاتە پلە سێ، واتا بەرەو گۆشتەکە دەڕوا، ئازاری زۆر زۆر کەم دەبێتەوە تا دەگاتە ئاستێک کە ئازاری نامێنێ، چونکە ئەو دەمارانەی کە ئازارەکە دەگوێزنەوە سووتاون. خوای گەورە لە باسی سزای دۆزەخدا دەفەرموێ: کە گۆشتی بێباوەڕان دەگاتە ئەو قۆناغەی کە ئیتر لەبەر سووتانی زۆر هەست بە ئازار ناکەن، پێستەکانیان بۆ دروست دەکرێتەوە بۆ ئەوەی بەبەردەوامیی ئازارەکە بچێژن.



- خوای گەورە دەفەرموێ: (يخلقكم في بطون امهاتكم خلقا من بعد خلق في ظلمات ثلث) واتە: دروستتان دەکەین و ئەندازەگیرییتان دەکەین لەنێو سکی دایکتاندا و بەچەند قۆناغێکدا دەڕۆن، بەڵام داپۆشراون بە سێ پەردە لە تاریکییدا.

زانستی پزیشکیی دۆزیەوە کە ئەو کۆرپەیەی لە سکی دایکیدایە بە سێ پەردە داپۆشراوە. یەکەمیان ڕاستەوخۆ جەنینەکەی داپۆشیوە و پێی دەڵێن "ئەمینوم"، دووەمیان پێی دەڵێن "کۆریۆن"، سێیەمیان پێی دەڵێن "دسدیوەڵ". جێی باسە ئەم سێ پەردە زۆر پێویستییان بە تاریکیی هەیە، ڕووناکیی خراپە بۆیان و بە تاریکیی گەورە دەبن بەپێی گەورەبوونی ئەو کۆرپەیە خۆی، خوای گەورەش وشەی "ظلمات" بەکاردەهێنێت واتە "تاریکیی".

زانایانی پزیشکیی لە ئامریکا و ئوروپا گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە تەمەنی کۆرپەی مرۆڤ کە 42 ڕۆژ تەواو دەکا، چالاکییەکی کارەبایی لە سکی دایکەکەدا پەیدا دەبێ. دوای 42 ڕۆژەکە تیشکێک لە سەری منداڵەکە دروست دەبێ پێی دەڵێن (قەدی مێشک) و لێپرسراوە بەرامبەر بیستن، بینین، تامکردن، بۆنکردن، گەرما و سەرما... وە ئەم (قەدی مێشک)ە دوای 42 ڕۆژی تەواو دروست دەبێ. لەم بارەوە پێغەمبەر (درووودی خوای لەسەر) دەفەرموێ: (اذا مر بالنحلفه اثنان و اربعون ليله بعث الله الها ملكا فصورها و خلق سمعها و بصرها و جلودها و لحمها و عظامها، ثم قال: يا رب اذكر ام انثى؟) واتە: پاش ئەوەی ئەو کۆرپەلەیە 42 ڕۆژ تەواو دەکا لە سکی دایکیدا، خوای گەورە فریشتەیەک دەنێرێ بەرنامەیەکی پێیە، بیستن و بینین و پێست و گۆشت و ئێسکەکانی بۆ دیاریی دەکا، پاشان دەفەرموێ: خوای گەورە نێرینەیە یان مێینە؟ واتە ڕەگەزی ئەو کۆرپەیە هێشتا دیاریی نەکراوە، زانستی پزیشکییش هەر وا دەڵێ، کە ئەمانە هەمووی دروست دەبن پاشان ڕەگەزی نێرینە یان مێینە دروست دەبێت.

پاشماوە لە لاپەڕە ١٥

www.arshivakurd.org

## ولا تحسبن الذين قتلوا في سبيل الله امواتا بل احياء عند ربهم يرزقون

باوەڕ
ئامادەی دەکا

# یادی شەهیدان

شەهیدان بەڕێزن، هەمیشە لە دڵان دان و قەت لەبەر چاوان ون نابن. ئەوان پێشەنگی خەبات و نیشانەدەری ڕێگەی ڕزگاریی و نەجاتن. ئەوان وورە و ووزەی شۆڕش و مامۆستای قوتابخانەی فیداکاریی و خۆبەختکردنن. ئەوان سەنگەری قاییم و لەگرتن نەهاتووی بزوتنەوەکەمان و دەزمایەی قەت لەبڕان نەهاتووی خەباتە خوێناوییەکەمانن، بۆیە ئێمە هەمیشە بە چاوێکی پڕ لە ڕێزەوە لە کۆڕی شەهیدان دەڕوانین و بە دڵێکی پڕ لە خۆشەویستییەوە یادیان دەکەین و باسیان دەکەین.

یادی ئەمجارەمان یادی شەهیدی قارەمان کاک خەلیلی محەممەدیی (خەلیل خۆشکەلام)ە.



شەهید خەلیل خۆشکەلام

شەهید خەلیل محەممەدی ناسراو بە خەلیل خۆشکەلام، خەڵکی گوندی کوڵەبۆزی ناوچەی دەشتەتاڵی بانە. لە بنەماڵەیەکی هەژاردا چاوی بە دنیای پڕ لە مەینەت و بێبەشی کوردەواریی پشکوت و لەبەر نەبوونی قوتابخانە و هەلومەرجی نەداریی و دژواریی ژیان وەک زۆربەی منداڵە دێهاتییەکانی کوردستان ئەویش لە خوێندن بێبەش بوو، لەجیاتی دەرسخوێندن لە کاروباری کشتوکاڵدا یارمەتیی باوکی دەدا. شەهید خەلیل لە ساڵی ١٣٥٨ دا لە سەرەتای هێرشی ڕژیمی کۆنەپەرستی خومەینی بۆسەر کوردستان بەباوەڕێکی پتەو و وورەیەکی بەرزەوە هاتە نێو ڕیزی پێشمەرگە خەباتگێڕەکانی کوردستان و چەکی شەرەفی لەشان کرد و لە مانگی ٨ ی ١٣٥٨ دا شانازیی پێشمەرگایەتیی وەرگرت و لە هەوەڵین ڕۆژی دامەزراندنی ڕێکخراوی خەبات لە ٥ ی خەرمانانی ١٣٥٩ دا لەگەڵ باقیی هاوبیروباوەڕەکانی هاتە ژێر تەنزیمی ڕێکخراوی خەباتەوە و بەشانازییەوە ئەرکی "خەبات"ی وەخۆ گرت.

شەهید خەلیل لە هەموو بارێکەوە دامەزراو و خۆڕاگر و لێوەشاوە بوو، هەربۆیە ببوە جێگای متمانەی "خەبات" و هاوبیر و هاوسەنگەرەکانی خۆی و لەناو دڵی کۆمەڵانی خەڵکدا جێگای خۆی کردبوو. شەهید خەلیل بەهۆی لێهاتوویی و تێکۆشانی دڵسۆزانەی بەرەبەرە پێدەگەیشت و کارامەیی و ئەزموونی زیاد دەکرد و پلەی بەرپرسیی دەچووە سەرێ.

شەهید خەلیل خۆشکەلام لە ڕۆژی هەینی ١٤-١٠-١٣٦٣ دا لە شەڕێکی قارەمانانەدا لەسەر جادەی "گردە ڕەش" لە پشتی گوندی "کیوەڕۆ"ی ناوچەی بانە بە گوللەی دژمنانی گەل و داگیرکەرانی نیشتمانەکەمان پێکرا و گیانی پاکی بەرەو بەهەشتی بەرین باڵی گرت و ئەرکی خەبات و تێکۆشانی بۆ هاوبیر و هاوسەنگەرەکانی بەجێهێشت. هەزار سڵاو لە گیانی پیرۆزی بێ.

---

## ئەمجارەش پێغەمبەر بە گەورەترین و ناودارترین کەسایەتیی جیهان دەرچوو




**بێستان.نێت:** ڕۆژنامەی "ئیلیموندو"ی ئیسپانی ڕاپرسییەکی دەربارەی گەورەترین و ناودارترین کەسایەتییە جیهانییەکان سازدا.

ڕۆژنامەکە هەموو ئەو کەسایەتیانەی لە لیستێکدا ناونووس کردبوو کە کارتێکردنێکی لای خەڵك دروست کردووە. خەڵاتی ڕاپرسییەکەش، بۆ ئەو کەسایەتییەی کە لەو ڕاپرسییە سەرکەوتن بەدەستدێنێ، بڕیاربوو لە ئاهەنگێکی تەلەفزیۆنیی و بەرنامەیەکی تایبەتدا پێشکەش بکرێ و هەروەها ئەو کەسایەتییە بە هەموو خەڵکی ئیسپانیا و تەواوی ئوروپا بناسێنرێت و بەوردیی تیشك بخرێتە سەر لایەنە جوان و تایبەتەکانی ژیانی ئەو کەسایەتییە سەرکەوتووە.

لە نێوان ئەو کەسایەتییە ناسراو و هەڵکەوتووانەی، پێغەمبەری ئیسلام محەممەد (درودی خوای لەسەر بێت) بوو کە توانیی سەرکەوتن بەدەستبێنێ و لە ماوەی کاتژمێرێکدا ٨٨% ی دەنگەکان مسۆگەر بکات، ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە پێغەمبەر نێردراوی بەحەقی خودا و پێغەمبەری هەموو بەشەریەتە و مامۆستا و سەرمەشقی ئاکار و ڕەفتارە باشەکانە " و انك لعلی خلق عظیم" و، دینی ئیسلام دینی سەلامەتیی و ئاشتییە. سەرەڕای ئەوەی کە لە هەندێ لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان ڕقێکیان لە بەرامبەر مسوڵمانان لا دروست بووبوو بەڵام ئیسلام هەردەم لە بەهێزبوون و بەرەوپێشچووندا بووە.

ئەم ڕاپرسییەش بەڵگەی سەرکەوتنی مسوڵمانان و ڕاستیی و بێگەردیی دینی ئیسلام و گەورەیی پێغەمبەرەکەی نیشان دەدا.

www.arsivakurd.org

# بۆمب

دەروێش

جێیەکی هەتا بڵێی ناخۆش و تەنگە، خۆ ناکرێ قەدەمانی تێدا لێدەی هیچ، بگرە پیاو ناتوانێ تاوێک درێژ بێت. دەڵێم دالآنە تەسک و هەزار کونەکە، لەگەڵ ئەو هەموو تاریکییە و قۆرت و پێچە زۆرانەی، زۆر بۆ من خۆشتر بوو لێرە. کورە راهاتن بە شوێنێکی ئاوا زۆر زەحمەتە. دەربیجەیەکی بچکۆلەی هەیە ئەویش لە حەوەقی حاسمانییە کە ئەگەر هێندەی کەش درێژ بام دەستم نەدەگەیشتێ. لەسەر سەرم، بەجێی ئاسمانێکی بێگەرد و جوان سەقفێکی ڕەش و چڵکن پڕ لە هێلانە جاڵجاڵۆکەیە دەرگای بەسەر دالآنێکی درێژدا دەکرێتەوە، لەپشت دەرگاکە نیگابانێکی چوارشانەی ملپان دەڵێی دێوە دێت و دەچێ. پیاو دڵی لێرە دایمە توندە بەدایمەش دیمەنی مەرگ وەک دێوەزمە لەبەر چاوانت دێت و دەچێ. پیاو وەک باوکی کورکوژراو هەموو کات تازیەدارە. ئاخر جگە لە دیواری تەنگ و تاریک کەس هات و هاوار نابیستێ. ژوورێکی تەڕ و تەنگەبەر هەندێ جار




بۆگەنیوەکەی زۆر قێزەونە پیاو پێی دەخنکێ. هەر چەندە شەلاق وێکەوتن ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر هەڵدەگرێ، بەلآم پیم خۆشە ڕۆژێ ٥٠ جارم وەبەر شێلاقان دەن هەتا چەند ساتێک لە هەوای ئازاددا قەدەمان لێدەم. نەرمایی ڕانم بەهۆی گەرما و ئارەقەکردن بیوونە ئاولەک و بلۆقی پان و بەژان و برین و، دەرمانیش نەبوو بۆ تیمار. کورە ئەوەی لە هەمووی ناخۆشترە و لە پیاوت دەکات، ئەشکەنجە دەروونییەکانن کە تەنیا ئیمانێکی بەهێز دەتوانێ لەبەری خۆ ڕاگرێ، ئیمان بەوەی کە بۆ بەدەستهێنانی مافی ڕاستەقینە لەخۆبوردوو بێت تا ئەو ڕۆژەی کە چوونە ژێر پەتی سێدارە نزیک دەبێتەوە و....

زۆر جاران لە شووشە چڵکنەکەی دەربیجەکەم هەڵڕوانیوە لە سووچێکی حاسمانێ کە لێم دیار بوو بەدوای ڕۆژێدا دەگەڕام بەلآم قەت نەم دۆزیەوە، گلۆپێکی بچکۆلەی لێیە بەلآم کلیلی هەڵکردن و کوژاندنەوەکەی لە دەرەوەیە بۆ ئەوەی بە ویستی خۆیان هەڵیکەن و بیکوژێننەوە. ئەو چەند ڕۆژەی لەگەڵ جەماعەت بووم ڕیشم نەتاشی بوو، ئێستا کە هاتوومەتە ئێرە لەتاو ئەو ڕیشە حەجمینم نەماوە ئەوەندە لاچاوم هەڵکڕاندوون هەمووم بریندار کردوون.

دەرگای ژوورەکە کرایەوە و یەکێک لە پێش دەرگا بەدیارکەوت: "لە کەنگێوە لێرەی؟" گوتم: "تازە هاتووم". "چەندە لەولای بووی؟" "حەوتوویەک". "هۆشت لەسەر خۆ بێت ئێرە ئەولا نیە، لێرە هەموو شتێک بەپێی یاسا دەچێتە پێش". "لەنێو خەڵک و لە دەری زیندان یاسا نەبوو! ڕۆژێ دوو جار بۆ سەراو بانگت دەکەن جاری یەکەم کاتژمێر ٦ ی بەیانی جاری دووەم کاتژمێر پێنجی ئێوارە. "کورە کاکە بۆ دەنا چوونە ئاودەستیش بە یاسایە؟ پیاو لە وەخت و ساتی دیاریکراودا تینی بۆ نایە". "زۆر قسان دەکەی، هەر ئەوەیە کە گوتم". لەبیرم نەبوو باس بکەم دیلێکی تریان ئەوەندە ڕاگرت بوو ئێزنیان نەدابوو بچێتە ئاودەست فەقیرە میزڵدانی گیرابوو کاتێک ئێزنی ئەدەن ئەو بەدبەختە کە دەچێتە ئاودەست میزی بۆ ناکرێ و دەگەڕێتەوە. لە دڵی خۆمدا گوتم: بۆ دەستبەئاو گەیاندن ئاوامان لێکەن دەبێ بۆ ڕیشتاشین و پاک و خاوێنیی چ بەڵایەکمان بەسەر بێت؟ ئێوارێ، بەهۆی دیتنی برێک شتی ناڵەبار تووشی ئەرشانەوە بووم. پری لایلۆنێک خواردن کە لە ماڵەوە بۆیان ناردبووم بە دەستم گەیشت. کە

> " لەسەر سەرم، بەجێی ئاسمانێکی بێگەرد و جوان سەقفێکی ڕەش و چڵکن پڕ لە هێلانە جاڵجاڵۆکەیە دەرگای بەسەر دالآنێکی درێژدا دەکرێتەوە. لەپشت دەرگاکە، نیگابانێکی چوارشانەی ملپان دەڵێی دێوە دێت و دەچێ"

سەیرم کرد پاکەتێک تیخی تێدایە، ویستم ڕیشم بتاشم بەلآم هیچ ئامێرێکم لا نەبوو. لەناو پیالەکەدا هێندێ ئاو مابوو بە جێگەی مەکینە قەڵەمەکەم بەکارهێنا. دەرگا کرایەوە و دێوەزمەکەی پێشوو بوو. دەستی بەسەر و چاوی دا هێنا و گوتی: "بۆخۆتی؟" گوتم: "ئەرێ وەڵڵا هەر بۆخۆمم خۆ...."، "سەر و سیمات بۆ وای لێهاتووە؟" "بەسەرهاتی ڕیشەکەم بۆ گێڕایەوە، "جا داوات لە ماڵەوەتان کردبایە مەکینەیەکی ڕیشتاشینت بۆ بنێرن". "وەڵڵا جا ئەوجارەی وا دەکەم، دوای چەند ڕۆژێکی تر هەر ئەو دێوەم لێ بەژوورکەوتەوە: "خۆت بۆ لێپرسینەوە "بازجویی" ئامادە بکە"، گوتم: "ئاخر لەبەرچی" "بۆمب؟!"، "بەڵێ، بۆچی داوات لە ماڵەوەتان کردووە کە بۆمبت بۆ بنێرن؟"، "چۆن لەبەرچی لەناو خواردنەکانتدا کە بۆیان ناردووی بۆمبێک دۆزراوەتەوە؟ حەتمەن ئەوەت لە سەری دابوو کە هەمووانمان بەکوشتن بدەی؟"، گوتم: "ئەو قسانە چییە، من تەنها ئەو شتەم لە ماڵێ داواکرد کە خۆت داوات لێکردم"، "پێت وایە ئێمە بۆمب ناناسین؟ فززەم نەکرد لەگەڵی ڕۆیشتم. لەجیاتی خۆتراشی دەستیی ئێکی بەرقییان بۆ ناردبووم خۆ بەکاریش نە دەهات.

تەواو

www.arsivakurd.org

# گۆشەی هونەر

## دەردی بێ دەرمان

غەفلەتی بای نەسیم هات خەف ژبال یارێ کەریم هات
پورِ بئحسانەک عەظیم هار قاصیدی شاهو گەدایە
دل نەفەس دیسان ببەرهات لەو حەکیم لوقمان بسەر هات
نافعێ دەردێ جەگەر هات طالعی کەوکەب نومایە
من کو ئەو نیشان گەهیشتێ ئەڤ دلی صەد داغی رەش تێ
ذەررەیەک خەوش لێ نەهیشتی ئیسمی ئەعظەم پێ گەهایە
چوومە سەر پشتا کومەیدی من ژی پورِ ئەوژان و کەیدی
بەحر و بەر مەلبەر خوەطەی دی دەشت و چۆل و کەربەلایە
مەو نەسیم خوەش پەنجە تێکرا وی دچین وەک طەیر ڤیکرا
بەحثێ زولفا یار پێکرا بوری عیشقێ پورِ فرایە
گونبەدا نورین خویابو سپێدەیا صادق نومابو
یەک بیەک شەوقێ ڤەدابو قەصر و ئەیوان و سەرایە
قومری و بولبول دخونن لێ عەجەب ئەو خوەش دەمینن
هەر سەحەر مەحبوب دبینن عەندەلیب ڤێرِا تەبایە
بوغچەیا صۆر گول دگەش تێ چیچەک و رەیحانی رەش تێ
دلروبایان بێنە گەشتێ سونبولان تاتا سەمایە
سەبزەیا شەبنم گولاڤ لێ صۆر عەقیقان دورِ خوشاف لێ
دلبەران سەیران و راڤ لێ عەرعەران سیتاب دایە

### پوختەی مانا:

منی چەمارەی بەتاسە، لەپڕ دیتم، سروەی پیرۆز -کە لەنێوان شای جوانان و منی گەدای هەناسەسارد ببوە پەیامنێی لەش سووک- بە کزەیەکی نهێنیی هاتەوە لام و ئەو چاکەیەی-کە زۆر خێرەومەندانە بوو- پێگەیاندم و تێگەیاندم، کە لای یاری بەخشندەوە مژدەی خۆشی بۆ هێناوم. دڵی مردووم کەوتەوە هەناسەدان و ئاهێکی تێگەڕایەوە. سروە لێم بوو بە لوقمان و چارەسازی هەرە چازان، بەرگی ژیانی دەبەر جەرگ و هەناوم کرد. تۆزی پاڵای سۆلی یاری دەچاوم کرد. مژدەی ئەو وەک ئیسمی ئەعظەم، بەهرەدەر بوو، سەد برینی سەرەتیران لە دڵمدا-کە گش ببوونە تیراوێ- گۆشتەزوونیان هێنایەوە و تۆسکاڵێک خەوشی تێنەما و هەر بوومە گوێزی ئازا و ئازا خۆم ئامادە کرد و پەڕیمە سەر خوانی زینی ئەسپی مراد. دەرد و داخی رۆژانی دووریم-کە دیبووم- فەرامۆش کرد. سروەش دەگەڵما گەڕاوە. بەجووتە فڕین لە دەشتان، لەسەر چۆل و کەربەلایان. من و سروە، پەنجەمان تێکپەڕاندبوو. وەک دوو باڵداری زۆر هەواڵ، پێکەوە لە شەقەیباڵ دەن، نەدەکرا لێک جوێبینەوە، چونکە ئەسپەبۆری ئاوات زۆر تیژباڵە و پیاو دەترسێ لەو بەرزە بەو خۆشفڕینەی چاوی ڕەشکە و پێشکەی بکا و لەسەر زینەکەی بپەڕێ. من و سروە لەو ڕێگەدا، لە پەستا باسی کەزی یاری نازدارمان تویژ بوو. لە ئاکاما گونبەزی نوورین دەرکەوت. سپێدەی بەرەبەیانی راستییمان هاتە بەرچاوان. کۆشک و سەرسەرا و دیوان و بەربێڵایی و هەیوان و باڵەخانەکان، تیشکیان لەیەک دەگەڕاوە. لە گوڵجاری حەوشی یاردا، هەزاران گوڵ پشکوتبوون. ڕەشەڕیحانەش لەو ناوە، دەگەڵ لاسای کوڵ و کەزیەکانی جوان و بۆنخۆشی ئەویان بوو. یاکەریم و کەناری و بولبول و سێرو سەرمەستی دیمەن ببوون و بەستە و مقامیان خۆش دەگوت. من لەوناوە سەیر مابووم کە چۆن مەل و بولبولەکان، چەند بەیانیان یاریان دیوە و توانیویانە لەخۆشییان گیانیان دەرنەچێ و چۆن هێزی خوێندنیان ماوە؟. زۆر جوانی دڵڕفێنم دین. لەوناوە سەیرانیان دەکرد. تاتای بسکیان-کە وەک لقە سمڵ وابوون- دەلەرین و لە شادبوون بە نزیکی یار کەوتبوونە سەما و هەڵپەڕین. تنۆکی شەونمی بەیان لەسەر چڵ چڵی سەوزەڵان ببوە گوڵاو، گوڵی ئاڵی بەڕەنگی لاڵ، مرواری ئاونگی لەسەر، دڵڕفێنان بەدەم گەشت و گەڕانەوە، سەرگەرمی ڕاوی دڵان بوون. بەژن و باڵا نەمام عەرعەر، نسێیان لە گەڵەکان دەکرد و دڵی گوڵیان بەنێچیر بۆخۆیان دەبرد.


شێخ ئەحمەدی جزیری (مەلای زجیری)

**بەبێ دەستکاریی لە دیوانی ”مەلای جزیری“ وەرگیراوە.**

**”هەژار“ شەرحی لێکردووە**

### بانگێشت

هومای بەخت!
باڵندە باڵ بەخێرەکە!
بۆ هەر دەچی
لەسەر دیواری قەڵاتان،
لەسەربانی باڵەخانان،
لەسەر گومبەزی هەیوانان
کورک دەبی دادەنیشی؟
بۆچی جارێکیش لە جاران
لە زەردەپەڕی ئێواران
لەسەر سوانەی کۆختە گڵێنەی
گوندێکی ئەم کوردستانە!
هەڵناتروشکێی، هەڵنانیشی؟

کاروان

www.arsiwakurd.org

## خەزەڵوەر و هەڵدانەوە

ویڕدی



ئێوارەیە و درەنگانە، یا بڵێم دەمەو جستانە، یا شێوە ئاخرزەمانە. رۆژیی خەمان، رەشماڵ تەمان، سەردەنێنەوە خەمخانە. گیانی زیندووی بوونەوەران، وەکوو هەموو پەلەوەران، دوای تەمەنێکی باڵکوتان، لە ئاسمانی سامالّی ژین تەقلەلێدان، دەگەڕێنەوە ئەشکەوتان، میوان دەبن لە گوێسوانە. سەرسامی سەیری بڕگەیەکی ئاهەنگی کۆتایی تەمەنێکی بێ سانەوە و گرێدانەوەی قوڵفەی زنجیرێکی تێکۆشانی بێ پسانەوە و، ریزبەستنەوەی کاروانێکی کۆچی سووری خێڵ بەرەوژووری بێ وەستان و بێ مانەوەم. دیمەنەکان چی هەن و بوون، گشتیی لەبەر دید و هێندێک بەپێی دین ئاوەژوون، هەروا داژوون، هەموویان وێکڕا ڕەویانە لە ڕەویاندا دەویانە، بەڕواڵەت بەرەو ئاوابوون بەلاّم بەڕاست بەرەوسەرچوون و تەواوبوون نەک تەواوبوون.

زۆر تابلۆم دین، جوان و خوێنین، شین و شیرین. یەک لەوانە هەورم دەدین، نزم و نەویی، ڕام و کەویی، رێک تابلۆی رانوێنراوی "السحاب المسخر" مێزیان لێکتر وەرێنابوو، وەک دەستەی خوشکانی شینگێڕ لە شینی کاکە مەلادا، خوێن لە چاوانیان چزا بوو، بە پشتی کوڕ داموکاوە، هەر بۆ رێز تۆزیک چەماوە، بوونە بەردەباز و رێگە و پێگەی گیانی پاکی مرۆڤێکی فریشتەخوو کە (الحمدلله) زیکری بوو، (والحکم لله) فرکی بوو، بەرەوسەر و بەرەوسەر و بەرەوسەر چوو. خۆری خولاّ، مێز ئاوەلاّ، بە بزەیەکی زۆر شیرین لە پێشوازیی میوانی تازەدایە.

خەزەڵوەری پاییزی تەمەنێکی پڕڕەنجە، زریانی هەناسەی کۆسکەوتان لەبن دەستی رێبوارانی رێگای خەبات دەدا و سڕی دەکا، وڕی دەکا، شڕی دەکا. بەلاّم بڕیار و پەیمانە، بەلاّم بڕیار نەوەستانە، درێژکردنەوەی مەودای ژیانە، ئەو ژیانە کە هەر تەنیا تێکۆشانە و تێکۆشانە تێکۆشانە. با پاییزبێ گڤە و گژەی زریانەکەی، هەڕە و گیفی تۆفانەکەی لە پیرەداربەڕووی قەدپاڵی کوردستان چی پێ دەکرێ؟ وا چەند گەلاّی زەردی بردن، چی پێ دەبڕێ؟ دڵنیاین ویستی خودا و حوکمی سروشت وا دەخوازێ (فاحیا بها الارض بعد موتها) دیسان دەبێتە تابلۆیەکی رەنگین کە دارەکان، شێخەڵەکان و نەمامەکان، دەڕوێنەوە، شین دەبنەوە. لە بەهاری ژیانی گەلاّ، بۆ ئەو لایەی (هی العلیا)ی پێدەڵێن تێ هەڵدەبنەوە. بۆ ئەو جێیەی کە ئازادیی و داد و دڵنیایی لێیە تێ هەڵدەچنەوە.

***ئەم پەخشانە بەبۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا و سەرکردەمان مامۆستا "مەلا خدر عەبباسی"یەوە نووسراوە***

---

## سەروەرەکەم

**عەبدوڵڵا**

هۆ مرۆڤە سەربەرزەکەم
رەمزی شادیی.
بۆ دیوەخانی دڵی من
سەروەرەکەم بەخێرهاتی.
تکا دەکەم
گەر ئەتەوێ دوای سانەوەت
گوێ لە رازی دڵی ماندووی پڕ لە زارم
بگری تاوێ،
لێگەڕێ با بەهێمنیی
دڵم بگری و
چاو ئەسرینی لێ بباریێ.
بۆسەر گڵکۆی پڕ نووری تۆ
دەستە گوڵی وەفاداریی
ببەم جارێ.
لێگەڕێ با ئەمشەو تەنها
دەفتەری پڕ لە رازی تۆ
هەڵدەمەوە،
تا بەیانی
لەگەڵ گزینگی تیشکی خۆر
هەڵدێمەوە.
بۆ سەفەری یەکجارەکیی
چارۆکەی ژیان دەپێچمەوە،
تا ئەو ساتەی بە دیدارت
شاد دەبمەوە.
دڵنیابە سەروەرەکەم،
هەر دێمەوە، هەر دێمەوە.

---



## کلیلی شاری "خۆی" دەبەخشرێتە شەهرامی نازری

**(سبەی):** لە میانی فێشتیڤاڵێکدا کلیلی شاری "خۆی" دەبەخشرێتە (شەهرامی نازری) هونەرمەندی کوردی خۆرهەلاّتی کوردستان.

لە فێستیڤاڵی شەمسی تەبریزیی کە بڕیارە رۆژی هەینی ٢-١١-٢٠٠٧ لە شاری "خۆی" لە رۆژهەلاّتی کوردستان بەڕێوەبچێت، گۆرانیبێژی ناوداری کورد شەهرام نازریی کۆنسێرتی شیعرەکانی شەمس پێشکەش دەکات.

مستەفا پورمحەممەدی وەزیری نێوخۆی ئێران رایگەیاند: ٤٠ کەس لە هونەرمەندان و سینەماکارانی بەنێوبانگی کوردستان و ئێران لەو فێسیڤاڵەدا بەشداریی دەکەن و کلیلی شاری "خۆی"، وەك رەمزێك و بەمەبەستی رێزگرتن لە چالاکییەکانی شەهرامی نازریی لەپێناو ناساندن و پەرەپێدانی واتا عیرفانییەکانی مەولانادا، بەو هونەرمەندە دەبەخشرێت".

www.arsivakurd.org

# هەمەڕەنگ

## سیخوڕێکی پێشووی (سی ئای ئەی) مووی سەری "چی گوڤارا" دەفرۆشێ

و. موحیەددین حوسێنی

یەکێک لەو کەسانەی کە لە کوشتنی "چی گوڤارا"دا لە (بولیڤی) دەستی هەبوو، دەیهەوێ چنگێکی پڕ لە تاڵی قژی ئەو شۆڕشگێڕە (گوڤارا)، ڕۆژی پێنج شەممە ٢٠٠٧/١٠/٢٥ بخاتە موزایەدەوە. ئەو هەواڵەش بۆتە هۆی دەربڕینی نارەزایی لەلایەن بێوەژنی گوڤارا و لایەنگرانی ئەو لە سەرتاسەری جیهاندا.



وێنەی منداڵیی گوڤارا

نرخی سەرەتا بۆ تاڵەمووەکان هێندێ شتی دیکە، کە لەناویاندا وێنەی کوژراوی گوڤارا و پەنجەمۆری ئەو کە دوای کوژرانی هەڵگیرابوون، بە سەد هەزار (١٠٠٠٠٠) دۆلار داندراوە.

ئەو شتومەکانە هی (گۆستاڤۆ ڤیلۆڵدۆ)ن کە ئاڵقەی پێوەندیی بووە لەنێوان سی ئای ئەی (CIA) و کۆمەڵێک سەربازی هەڵبژاردەی بۆلیڤیدا کە ٤٠ ساڵ بەر لە ئێستا، بۆ گرتنی شۆڕشوانی کوبایی، کەوتبوونە دارستانەکانی خۆرهەڵاتی بولیڤیا.

ڤیلۆڵدۆ، کە لە کوبا لەدایک بووە، هێندێک لەو شتومەکانەی بۆیە لای خۆی هێشتۆتەوە تا بیسەلمێنێ کە (چێ گوڤارا) مردووە، دواتریش وەک یادگارییەک لای خۆی پاراستوونی، ئەوەش یەکەمجارە کە بیهەوێ ئەو شتانە بفرۆشێ.

ڤیلۆڵدۆ ڕێگە نادا چاوپێکەوتنی دەگەڵ بکرێ، بەڵام دڵخۆش و بەختەوەر نایەتە بەرچاو بەوەی کە گوڤارا، دوای کوژرانی، وەک شۆڕشگێڕێکی نێودار پلە و پایەیەکی بەرزی لای خەڵکێکی زۆر بەدەستهێناوە.

(تۆم ساڵتەر)، کە لە مەزادخانەی شاری داڵاسە لە ویلایەتی تێکساس بۆ فرۆشتنی شتومەکەکانی گوڤارا، پێی وایە کە گوڤارا مرۆڤێکی قاتڵ و ڕێگر بووە و جێی خۆی بوو کە دەستگیر بکرێ

### نزیکەی ١٢٠ هەزار دۆلار بۆ مووی سەری چی گوڤارا!

چنگێک لە مووەکانی سەری چی گوڤارا، کە لە بۆلیڤی کوژرا، بە تێکڕای نرخی ١١٩٥٠٠ دۆلار لە مەزادێک لە تێکساس فرۆشرا.

کڕیاری مووەکان و هێندێک شتی دیکە کە دەگەڵ مووەکان فرۆشراوە (بیل بوڵتر)ە کە خاوەنی دوکانی شتومەکی کۆنە لە تێکساس. پێشتریش هەر ئەو کەسە پاشماوەی شتومەکەکانی (بیتلس) و (جیمی هێندریکس) و کریون.

فرۆشیارەکە، وەک پێشتر ئامازەی پێکرا، ڤیلۆڵدۆ بوو کە لە ساڵی ١٩٦٧ دا بەشدار بوو لە دەستگیرکردنی چێ گوڤارا لە بولیڤی، هەروەها ئامادە بوو لە کوشتن و ناشتنیدا. ڤیلۆڵدۆ، پێش ناشتنی گوڤارا، بەشێک لە قژی سەری گوڤارای بڕی و، لەگەڵ چەند وێنەیەک و پەنجەمۆری گوڤارا، وەک یادگارییەک لای خۆی هێشتنیەوە.



گوڤارا لە تەمەنی لاوێتییدا

سەرەتا وا چاوەڕوان دەکرا کە (هۆگۆ چاوێز)، سەرۆکی ئێستای ڤێنزوێلا، نرخی موو و شتومەکەکانی گوڤارا بدا و بیانکڕێ بەڵام کەس شتێکی لێ نەبیست!.

ڤیلۆڵدۆ کە گوڤارا بە پیاوکوژ و ڕێگر دادەنێ گوتی کە ئەو سەری سووڕما کە دیتی کڕیارێک بە نرخێکی زۆر و بە تامەزرۆییەوە شتومەکەکانی ئەو "ڕێگر"ەی کڕی، لە کاتێکدا خۆم ئامادە نیم ١٠ سەنتیشی پێ بدەم.

چی گوڤارا، کە هاوخەباتی (فیدڵ کاسترۆ) بوو لە شۆڕشی کوبا و لە ئۆکتۆبری ساڵی ١٩٦٧ لەکاتێکدا هەوڵی هەڵایساندنی شۆڕشێکی هاوشێوەی کوبای لە بولیڤی دەدا، کوژرا.

چەند ساڵێک لەمەوبەر پاشماوەی تەرمێک، کە دەگوترێ تەرمی (چی گوڤارا)یە، لەژێر خاک دەرهێندرا و بەرەو (کوبا) بەڕێ کرا و لە شاری (سانتا کلارا) لە گۆڕێکی تایبەتدا نێژرایەوە.

(کێڵی نۆروین)، بەڕێوەبەری بەشی فرۆشی مەزادخانەی شاری داڵاس کە مووەکانی گوڤارای فرۆشتووە، دەڵێ: تەنیا بەڵگە لەسەر ئەوەی ئەو ئێسکوپروسک و شتومەکانەی براونە کوبا هی گوڤاران، دی ئێن ئەی (DNA) مووەکانی چی گوڤاران.



چی گوڤارا و هێندێک لە هاوڕێیانی لە سەردەمی شۆڕشدا

www.arsivakurd.org

## دوای زیاتر لە سـ30ـی خولەک بێگیانبوون، زیندوو بۆوە

هەژار ئەحمەدی

دکتۆرەکان هاتن خەبەری مردنی منداڵەکەیان بە دایک و باوکی بدەن. دایکی چوو بۆ لای منداڵەکەی تا بۆ ئاخیرین جار ماچی بکات و خواحافیزی لە کۆرپەکەی بکا، لەو کاتەدا ئەو منداڵە "بێگیانە" دەستی کرد بە خۆجووڵاندن و گریا.

دایکی منداڵەکە دەڵێت: ئەو کورە موعجیزەیە!

ی تەمەن دوو مانگ پاش ئەوەی تووشی نەخۆشیی دڵ هات گەیەندرایە نەخۆشخانە. Woody Lander

پزیشکەکان بۆ ماوەی ٣٠ خولەک لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە رزگاری بکەن بەڵام لە کۆتایدا وازیان هێناو بێ هیوا مانەوە. دایک و باوکی هاتن تا بۆ دواجار ماڵئاوایی لە کۆرپەکەیان بکەن، بەڵام کاتێک کە یەکێک لە پەرستاران سۆندەی هەوای (ئۆکسیجینی) لە Woody کردەوە تاکوو دایک و باوکی کۆرپەلەی گیاندەرچوو بتوانن ماچی بکەن و ماڵ ئاوایی لێبکەن، ئەو دەستی کرد بە کۆخین و خۆی جوڵاند.

ئێستا تەمەنی ئەم کۆرپەلەیە نزیک بەساڵێکە. تائێستا هیچ لەو پزیشکانەی ئەو نەخۆشخانەیەی لەندەن شتی ئاوایان نەدیوە کە کەسێک بەتایبەتی منداڵ نزیکەی سی خولەك بێ گیان بێت و دواتر گیانی بێتەوە بەر.

سەرچاوە: رۆژنامەی "ئافتۆن بلادێت"ی سوئێدیی



Foto: GLEN MINIKIN



Foto: GLEN MINIKIN

### پاشماوەی لاپەڕە ٩

ئەمانە چەند گوڵێک بوون لە گوڵزاری قورئان و فەرمووده، خوای گەورەش بە بێباوەڕان دەڵێ: ئێمە بەڵگەکانی خۆمان پێشانی ئەو بێباوەڕانە دەدەین تا بۆیان دەرکەوێ ئەمە راستە و لەلایەن خوداوەیە. وە بە ئیماندارانیش دەفەرموێ: بڵێن سوپاس و ستاییش بۆ خودای گەورە کە ئایەتەکانی بە گوێرەی زمکانی پێشکەوتنی رۆژ تیشک دەبەخشن و ئیدی دەبنە مەعریفەت و زانیاریی بۆمان.

*****

## سروەی خەندە

ئاسۆ

- مامۆستای بیرکاریی (ریاضیات) لە یەکێک لە قوتابییەکانی دەپرسێ: "ئەگەر باوکت ٢٠ دیناری پێبێ و تۆش داوای ١٠ دیناری لێ بکەی، چەندی پێ دەمێنێ؟" قوتابییەکەش لە وەڵامدا دەڵێ: ٢٠ دینار

مامۆستاش بەتووڕەییەوە دەڵێ: "نەخێر وا نییە! بۆ نازانی؟!." قوتابییەکەش دەڵێ: "مامۆستا تۆ باوکی من ناناسی، ئەو پارە نادات بە دایکم چۆن دەیدا بە من!."

- خێزانێک لەنێو بەلەمێکدان و لە تورکیەوە بەرەو یۆنان دەپەڕنەوە. منداڵێکیان لە باوکەکە دەپرسێ: "بابە قەزاوقەدەر و موسیبەت جیاوازییان چییە؟" باوکەش لەوەڵامدا دەڵێ: "قەزاوقەدەر ئەوەیە کە ئێستا هەر لەخۆوە دایکت بکەوێتە دەریاکەوە. موسیبەتیش ئەوەیە کە مەلە بزانێت و خۆی رزگار بکات."

- کۆتایی ساڵی خوێندن قوتابییەک کارتی نمرەکانی وەردەگرێت و بەرەو ماڵ دەگەڕێتەوە و کارتەکە دەداتە دەست باوکی. کە باوکی دەبینێت کورەکەی ٦ سفر (تەژدید)ی تێدایە، دەکەوێتە سەرزەنشتکردنی و بە تووڕەییەوە دەڵێ: "ناپلیۆنی فەرەنسیی لە تەمەنی تۆدا ئەفسەر بووە لە لەشکری فەرەنسیدا."

کورەکەش دەڵێ:" بەڵێ وایە، بەڵام لە تەمەنی تۆشدا ناپلیۆن نیوەی جیهانی داگیرکرد."




لە ماڵپەڕی ئەلجەزیرە وەرگیراوە

www.arsivakurd.org

BESTAN

No. 12

November 2007

A Cultural Magazine. Publishes by The Revolutionary Khabat Organization Of Iranian Kurdistan

سەرنج:

هەر نوسراو و بابەتێک کە لە گۆڤاری "بێستان"دا بڵاودەبێتە نووسەری بابەتەکە لێی بەرپرسیارە و مەرج نییە دەربڕی بۆچوون و سیاسەتەکانی ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستان بێ.

# بانگەوازێک

هاووڵاتیانی هێژا!

برا و خوشکە کوردەکان!

خوێنەرانی بیرۆمەندی **بێستان**!

**بێستان**، نێژراوی چەند دەستان، هیوای ئەدەب خۆشەویستان، گۆڤارێکی سیاسی، ئەدەبیی، کۆمەڵایەتییە کە بۆ پەرەپێدانی فەرهەنگ و وێژە و ئەدەبی کوردیی تێدەکۆشێ.

**بێستان**، بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەدەبی نەتەوەکەمان بەپێی توانا هەوڵ دەدا و ئامێزی پڕ لە ڕێزی خۆی بۆ هاتنی ڕێبوارانی ڕێگای ئەدەبی کوردیی ئاوالآیە و هیوا وایە لە داهاتوودا شەمامە بگرێ بۆ دەستی دۆستان و، درک بۆ چاوی نەیارانی ئەدەبی پاراوی کوردیی.

**بێستان**، بۆ ڕازاندنەوەی خۆی چاوەڕوانی دەست و پەنجەی ڕەنگین و بەهێزی ئێوەیە کە لە هەموو لایەکەوە و لە هەموو جۆرە شەتڵ و نەمامێک وەکۆکەن و وەیڕازێنن.

دەبا پێکەوە بکەینە رووگەی ئەدەبدۆستان و بژاری کەین و ئاوی دەین و پەرژینی کەین و لەدەست ئافات و دژ و زیانەخرۆیان بیپارێزین. وە داوامان ئەوەیە کە بیخوێننەوە و بە دەستی ناسیاوانی خۆتانی بگەیەنن. هیواداریین ئێوەی بەرێز لە هاوکارییتان لەگەڵ گۆڤارەکەمان بەردەوام بن و بە ناردنی بابەتی بەکەڵک و پێشنیار و ڕەخنەی بەسوود پێوەندییتان لەگەڵمان گەرم و گورتر بکەن و هەروا وێڕای ئێمە ئاودێر و وەرزێری ئەم گۆڤارە بن و "**بێستان**"لە شەتڵ و بڕکی گوراوی دەستتان بێبەش نەبێ. ئەوەش کە **بێستان** ساڵی چەند بەران پێ دەگەیەنێ ئێمە دیاری ناکەین، با بزانین ئاو و خاک چۆنی دەگوورێنێ.

چاوەڕوانی بەرهەمی بابیداری خوێنەرانی بەڕێزین بۆ ژمارەکانی داهاتوو.

دەستەی نووسەران

## نێونیشان و پێوەندییەکان

- نێونیشانی سایتی ناوەندیی ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێران لەسەر تۆڕی ئینتێرنێت:

www.khabat.org

- بۆ خوێندنەوەی ژمارەکانی دیکەی گۆڤاری "بێستان" لەسەر تۆڕی ئینتێرنێت سەردانی ئەم نێونیشانە بکەن:

www.khabat.org/bestan.htm

- بۆ پەیوەندییگرتن بە گۆڤاری "بێستان"ەوە: bestan59@hotmail.com

www.arsivakurd.org